ناوەندەکانی بڕیاردان لە چین

حزبی کۆمۆنیستی چین، تاکە فەرمانڕەوای وڵات

لەعەرەبییەوە: سارا سروش
IDEA DIPLOMATIC

پوختە:
ئەزموونی چینی لەپرۆسەی بڕیاردەرکردندا بەوە جیادەکرێتەوە کە وەڵامدەرەوەی ئەو پەرەسەندنە بابەتیانەیە کە بارودۆخ بەسەریدا سەپاندووە نەک بەرهەمی پلانێکی زانستی ورد. چین خۆی لەبەردەم پێویستی هەبوونی دەزگایەکی گەورەترو تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ پەرەسەندنە سیاسیو ئابووریەکان بینیەوە کە بوبووە مایەی فراوانبوونی پانتایی کاری لایەنەکانی پەیوەست بەدروستکردنی بڕیار.

لـــێـــرەوە پەرەپێدانی پرۆسەی بـــڕیـــاردەرکـــردنو دووركـــەوتـــنـــەوەی هـێـواش لـــەنـــاوەنـــدێـــنـــی رەهـــــاو نـزیـکـبـوونـەوەیـەکـی هـێـواشو لـەسـەرخـۆ لەفۆرمێکی زیاتر دامـــەزراوەیـــی، دەسنیشێکرد. بەڵام ئەم پرۆسەی وەرچەرخانە هەموو بەشەکانی ئەواونەکردووە، لەسەر ئاستی ئاک هێشتا سەرۆک کۆمار ئەگەر پێکەوە هەرسێ دەسەڵاتەکەی لەدەستدا بێت ئەوا بەهێزترینە، ئەو سێ دەسەڵاتەش بریتین لە سەرۆکایەتی حزب‌و کۆمیتەی سەربازیی ناوەندی‌و سەرۆکایەتی وڵات، لەبەرامبەریشدا هێشتا سەرکردایەتی بەکۆمەڵ کاریگەرترین‌و سەرکەوتووترینە کە بریتیە لەئەنجومەنی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی چینی (مەکتەبی سیاسی حەوت لەبەهێزترین گەورە بەرپرسانی حزب لەخۆدەگرێت).

هـەروەهـا چەند لایەنێکی ئـریـش هـاوشـانـی ئـەم هێزە کلاسیکیە دەرکـــەوتـــوون کە دەستیان گـرتـووە بـەکـاروبـاری بڕیاری چینەوە وەک وەزارەتـی ئاسایش کە لەئێستادا بودجەکەی لـەهـی سـوپـا زیـاتـرە. ئەویش بەهۆی مەترسی گەیشتنی پەتای بەهاری عەرەبی بە شارەکانی چین. ئەمە لەکاتێکدایە ئاێستاش سوپا بەرێژەی 20% لەکۆمیتەی ناوەندی‌و 10%یش لەپەرلەمانەوە نزیکە کە ئەمەش رێژەیەکی باشە. هـەروەهـا لەئاستی دەرەوەش پێگەیەکی بەهێزی هەیە بەهۆی چالاکییە دەرەکییەکانی وەک فرۆشتنی چـەک‌و هەماهەنگی لەگەڵ سوپاکانی ئردا.

پرۆسەی بڕیاردەرکردن بەوە پێناسە دەکـرێـت کـە پرۆسەی هەڵبژاردنە لەنێوان کۆمەڵێک ئەڵتەرنائیڤ بـۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسێک یان دۆزینەوەی چارەسەر بۆی، کۆمەڵە کەسێک یان دەستەو دامەزراوەیەک پێی هەڵدەستن. بازنەی بڕیاردەرکردن بەپێی سیستمی سیاسی وڵات فروان دەبێت.

جیاوازیی سیستمە سیاسییەکان لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەبێتە هـۆی ناچـونـیـەکـی‌و جـیـاوازی میکانیزمەکانی بڕیاردەرکردن، هـەروەک ئەم پرۆسەیە دواجار هیچ نیە جگە لـە رەفتارێکی مرۆیی، کاراکتەرەکانیشی رۆڵەی ژینگە جـوگـرافـی‌و مێژوویی‌و سیاسی‌و رۆشنبیرییەکەی خۆیانن. بـێـگـومـان ئـەم فـاکـتـەرانـەش کاریگەری گرنگیان دەبێت لەسەر کاراکتەرەکانی بڕیاردەرکردن‌و ئێکڕای میکانیزمەکانی.

لەگەڵ پەرەسەندنی هێزو رۆڵـــی چـیـن لـەسـەر شـانـۆی نێودەوڵەتی، زانینی سروشت‌و میکانیزمی بـڕیـاردەرکـردن لەو وڵاتەو ئەو هێزانەی لەپشتیەوەن‌و کاریگەرییان لـەسـەری هەیە، دەبێتە شتێکی پێویست.

هێزە کلاسیکییە سەرەکییەکان دروستکەری بڕیارن

لـەدێـرزەمـانـەوە چـەنـدان شارستانی جیاجیا لەچین هەبوون. خەسڵەتی دیار هەمیشە ئەوەبووە کە چین وڵاتێکی جیاوازو خاوەن ئایبەتمەندی ئەونێ بووە کە مەحاڵ بـووە هـەر کلتورێکی هـاوردە قبوڵ بکات پێش ئەوەی بە چینی بکرێت‌و بەکلتورەکەی زاخـاو بدرێت. هەمیشە بڕیار لەدەستی ئاک (ئیمپراتۆر) یان گروپێکی بچوکدا بـووە، لەودیوی دەرگا داخـراوەکـان‌و شـوورا بەرزەکان (شارە حەرامکراوەکان)ەوە بووە. دوای دامەزراندنی کۆماری چینی میلیلیش لەساڵی 1949دا چین ئـوانـی پـارێـزگـاری لـەم میراتە کلتووریە بکات لەدروستکردن‌و جێبەجێکردنی بڕیاردا.

رۆڵی تاکەکەس (رێبەر)

بەپێی گوزارشتە بەناوبانگەکەی مـاوتـسـی تـونـگ رێـبـەرو دامـەزرێـنـەری چین «دەسـەڵات هەڵقوڵاوی لوولەی تفەنگ» بوو. ئـەوە لەقۆناغی شۆڕشدا بوو، بەڵام دوای دروستکردنی دەوڵەت ماوتسی تونگ دانـی بـەوەدا نا کە «ئەوە حزبە رێبەرایەتی سوپا دەکات، ناکرێت سوپا رێبەرایەتی حزب بکات». لەوکاتەوە ئاێستا حزبی کۆمۆنیستی چینی ئاکە فـەرمـانـڕەوای وڵاتـە بـەهـۆی هەژموونی بەسەر حکومەت‌و سـوپـاو کـۆمـەڵـگـەو هـەمـوو جومگەکانی ژیـان لـەو وڵاتـە. لـەدوای کۆچی دوایـی ماوتسی تونگ پرۆسەی بڕیاردەرکردن‌و جێبەجێکردنی بـەسـتـراوە بە کەسێتی رێـبـەرەوە کە خاوەنی قسەی یەکلاکەرەوەیە لەهەموو شـتـێـکـی گـــەورەو بـچـوکـدا. بەرهەڵستکارێک نیە بڕیارەکانی رێـبـەر رەتـبـکـاتـەوە ئەنانەت ئـەگـەر ئـەو کەسە لەباڵاترین دەستەی سەرکردایەتی حزبیشدا بێت بەو بازنە تەسکەشەوە کە پێی دەوترێت مەنبەخی بڕیارو دروستکردنی، ئاکە کارێک کە بەرهەڵستکار یان کەسێکی ناڕازی بەبڕیارێک دەتـوانـێـت بیکات ئەوەیە بێدەنگی بنوێنێت. وەک

«کۆتایی مێژوو» پێشبینی روخانی سیستمی سیاسی چینی کردووە بەهۆی لەدەستدانی کەناڵەکانی پەیوەندی لەنێوان لوتکەی هەرەمە سیاسییەکەی‌و بنکە جەماوەرییەکەی لەئاکامی نەبوونی میکانیزمی لێپرسینەوەو شەفافیەتدا

ئەوەی ساڵی 1950 کانێک (ماو) بڕیاریدا بچێتە نێو شەڕی کۆریا لەدژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕەزامەندی کەمینەیەکی سـادەی ئـەندامـانـی مەکتەبی سیاسی‌و بێدەنگبوونی ئەوانی تر.

دوای مـردنـی مـاو لەساڵی 1976 کە چین بەقۆناغێکی سەختی دژواریـی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئـابـووری‌و زنجیرەیەک شکستی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا دەڕۆیـشـت (دیـارتـریـنـیـان دە سـاڵـەکـەی شـۆڕشـی مـەزنـی پرۆلیناریا بـوو 1965–1975، مـاوەی حوکمی جیانگ چینگ هاوسەری ماو، هەروەها قۆناغی بازدانە گەورەکە بەرەو پێشەوە)، پەیکەری حزب گۆڕانکاری گرنگو ریشەیی بەسەردا هاتـ، ئەوەبوو کـۆنـگـرەی گشتی دوانـزەهـەم لەساڵی 1978 سیاسەتی ریفۆرم‌و کرانەوەی پەسەندکردو دروشمی

نۆباما،سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و زی جین پینگ سەرۆکی چین

«سۆسیالیزم بەنایبەتمەندیی چینی»ی بەرزکردەوە. بەڵام ئەوە کاری نەکردە سەر سروشتی ئەو بڕیاردانەی کە مۆرکی ناکەکەسی وەرگرنبوو کەونبووە چنگی پیاوە بەهێزەکەی چینی ئەو سەردەمە «دینگ شیاو بینگ» کە پێگەی جارانی پێ درایەوە دوای ئەوەی سێ جار هەموو پۆستە حزبیو حکومییەکانی لێ سەنرایەوە بەهۆی ئاشکراکردنی ئیۆرییە بەناوبانگەکەی «رەنگی پشیلەکە گرنگ نیە سپی بێت یان رەش، پشیلەی باش ئەوەیە کە مشک بگرێت».

رەنگە بڕیارە ناکلایەنە گەورەکەشی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا لەساڵی 1978 سەرباری مشنومڕی نوندی ئەوکات لەنێو سەرانی حزبو سوپادا، دیارترین نموونەی ئەوەبێت.

لێرەدا دەبێت ئەوە باسبکرێت کە ئەو نفوزە بەرفراوانەی دینگ شیاو بینگ هەیبوو بەهۆی پۆستە حکومییەکەیەوە نەبوو، بااڵترین پۆستی ئەو سەرکردەیە جێگری سەرۆک وەزیران بوو، پێگە راستەقینەکەی بەهۆی کەسێنی کاریزمایی خۆیو مێژووی خەباتو سەرکردایەتیکردنی لیژنەی سەربازیی ناوەندی بوو کە ئائێستاش ئەو لیژنەیە خاوەنی بەهێزترین نفوزە. لەبەر ئەو هۆیانە چەند ساڵێک دوای کشانەوەشی لەگۆڕەپانی سیاسی بەڵام لەسەرۆکایەتیدا هەر مایەوە.

ناساڵی 1993 دینگ شیاو بینگ لەشانۆی سیاسی وڵات دوور نەکەونەوە نا ئاراستەی حزبو دەوڵەتی بۆ چەند ساڵی داهاتوو دیاری نەکرد، بۆ نموونە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەکردنی چینی بە بیستو هەشت وشەی چینی دانا کە ئائێستاش بەبنەمای هەر جووڵەو هەڵسوکەوتێکی چین بەرامبەر پرسە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، ئەو وشانەش: «چاوەروانیی لەسەرخۆ، سەنگەرگرتنی بەردەوام، چارەسەری هاوسەنگ، قۆستنەوەی هەلەکان، دوورکەوتنەوە لەسەرکردایەتیکردنو هاوپەیمانێتی، بەدیهێنانی ئەوەی لەنوانادایەو وەلانانی ناکۆکییەکان».

هەروەها دینگ سەرکەوتوو بوو لەلادانی نەوەی کۆنی حزب ئەوانەی نەمەنیان هەڵکشابوو، لەوەش گرنگتر بە نفوزو دەسەلاتەکەی خۆی نوانی سوپا ئاراستە بکات بەرەو پیشەیبوونو نوێبوونەوەو دوورخستنەوەی ژەنەراڵەکانی لەژیانی سیاسیو ئابووری، ئەویش دوای ئەوەی کە هەڵسوکەوتیان نیگەرانی لەنێو حزبو دەوڵەتدا دروستکرد. دوای ئەمە سەرکردایەتی نوێی بۆ دوو قۆناغی داهاتووی حزبو دەوڵەت دانا، جیانگ زیمینی دەستنیشان کرد بۆ سکرێتری گشتی حزبو سەرۆکی وڵات، هۆ جین تاویشی دیاریکرد بۆ جێگرنتەوەی ئەو، هەردووکیشیان نە باکگراوندێکی سەربازییان هەبوو نە شارەزاییەکی پێویستیان هەبوو لەکاروباری نێودەوڵەتیدا.

ئەو بڕیارانە لەکاتێکدا بوون کە وڵات بەگێژاوێکدا گوزەری دەکرد بەهۆی بزوتنەوەی ناڕەزایی خوێندکاران لەمەیدانی تیان تانمین لەساڵی 1989دا، لێکەوتەکانی دوای ئەوەش بووە رووداوێکی مێژوویی حزبە کۆمۆنیستییەکان کاتێک حزب بڕیاریدا بەلابردنی جاو زیانگی سکرێتری گشتیو سەپاندنی مانەوەی زۆرەملێ بەسەریدا تا مردنی لەساڵی 2005دا ئەو سزادانە بەهۆی ئەوەبوو کە سەردانی خوێندکارە ناڕازییەکانی مەیدانی تیان تانمینی کردو فرمێسکی پشتیوانیی بۆیان ڕشت.

سەرکردایەتی بەکۆمەڵ «کۆمیتەی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی»

سەرباری ئەوەی جیانگ زیمین گەڕایەوە بۆ گرتنەدەستی باڵاترین سێ پۆستی باڵای سەرکردایەتی بۆ یەکەمجار لەپاش ڕۆشتنی ماو تسی تونگ، ئەوانیش سەرکردایەتی حزبو دەوڵەتو کۆمیتەی سەربازیی

ناوەندی، بەڵام پڕۆسەی بڕیاردەرکردن وەرچەرخانێکی ڕوونی بەخۆوەبینی کە لەچنگی ئاکەکەسەوە چووە دەستی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی ئەندامانی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسی حزب کە ژمارەیان 9 کەس بوو (دوائر لەکۆنگرەی گشتی هەژدەهەمی حزبدا لەنشرینی دووەمی 2012 کەمکرایەوە بۆ 7 ئەندام). لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆسەی بڕیاردەرکردن بەمەرکەزی (پیاوانە) مایەوە، چونکە لەوەتەی حزبی کۆمۆنیستی چینی دامەزراوە هیچ ژنێک نەیتوانیوە بچێتە نێو بازنەی ئەسکی کۆمیتەی هەمیشەیی مەکتەبی سیاسییەوە.

دوای چەند دەیەیەک لەچەسپاندنی ئیۆری «سەرکردایەتی بەکۆمەڵ» سەرلەنوێ مشتومڕ لەنێو کۆمەڵگەی چینیدا سەری هەڵدایەوە و هەندێک دەستەبژێری کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی لەوڵاتە داوای دەرکەوتنی سەرکردایەتی کاریزماییان دەکرد کە دەسەڵاتی فراوانتر بۆ خۆی فەراهەم بکات، بەڵام نەک لەسەر شێوەی سەرکردایەتییەکانی پێشوو بەڵکو هاوشێوەی ڤلادیمێر پۆتن لەروسیا ڕەجەب ئەیب ئەردۆغان لەتورکیا. کەچی کانێک خەسڵەتەکانی سەرکردەی کاریزماو خاوەن پێگەو لایەنگریی جەماوەریی لەکەسێتی (بوشی لا)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەدا بەدیکرا، بەهۆی گەندەڵییەوە لەکارلابراو فەرمانی زیندانیکردنی هەناهەتایی بەسەردا سەپێنرا، ئەوەش ئاماژەی ئەوەیە کە هێشتا بارودۆخەکە نەخەملیوە یاخود میزاجی سەرکردایەتی چینی نایەوێت ئەم ئەزمونانە بەرجەستە بکاتو بژاردەی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی پێ باشترە.

کۆنگرەی پانزەهەمی حزب لەساڵی 1997دا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ریشەیی پەسەندکرد لەهەردوو بواری ئابووریو سیاسی، لەوانە نیمچە دەستبەردارببوونێکی خاوەندارێتی ئامرازەکامی بەرهەمهێنان لەحکومەنەوە بۆ کۆمەڵگە، دەستهەڵگرتن لە سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتیو بواردان بەخاوەندارێتی ئایبەت بۆ هاوڵاتیان. ئەمە جگە لە گۆڕانکاریی سیاسی کرانەوەی حزب بەڕووی حزبە دەسەڵاندارەکانی وڵاتانی ئردا بەچاوپۆشین لەبیروباوەڕیان، ئەمە دوای ئەوەهاتە کە پێشتر تەنها پەیوەندی لەگەڵ حزبە کۆمۆنیستییەکاندا دەکرا.

ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر سروشتی پڕۆسەی بڕیاردروستکردن لەناو خودی حزبەکە دروستکرد بەڵام بەبێ ئەوەی کاربکەنە سەر ناوەندێتی ڕۆڵی حزب لەو بوارەدا.

هەرچەندە بازنەی لایەنە کاریگەرو بەشدارەکان فراوانتربووبێت لەدارشتنو گەڵاڵەکردنی بڕیاردا کەچی دواجار قسەی کۆتایی ئەگەر لەچنگی ناکەکە کەسەوە کەونێتە دەستی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ بەڵام هێشتاش هەر بەدەستی حزبەوەیە بەدیاریکراویش دەستەی سەرکردایەتی باڵا کە پێکهاتووە لە حەوت ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی کە ناسراوە بە «حەوت گەورەکە». هەڵبژاردنیشیان وابەستەی کۆمەڵە سازشێکی ئاڵۆزە لەنێوان ناوەندەکانی هێزو گرووپەکانی بەرژەوەندی لەنێو حزبدا ئەوانەی پۆستە باڵاکانی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە. هەروەها ئائێستاش سکرتێری حزب لەهەرێمو ناوچەو وەزارەتو دامەزراوەو کۆمپانیاکاندا دەسەڵاتی باڵایە لەبڕیاردانداد. ئەم مۆدێلە لەدەسەڵاتدا بووەتە هۆی گەورەبوونی کەلێنی نێوان بڕیاربەدەستانو بنکە جەماوەرییەکەیان.

هەرچی پەیوەستە بەسیاسەتی سنرانیژی گشتی وڵاتەوە ئەوا کۆنگرەی گشتی حزب کە پێنج ساڵ جارێک دەبەستڕێت دەستنیشانی دەکاتو ئاراستە گشتیەکانی کاری حکومەت دیاریدەکات بەهەموو دەستەو دەزگاکانی جێبەجێکردنو یاسادانانو دادوەرییەوە. هەروەها مەکتەبی سیاسی کە لە 21 ئەندام پێکهاتووە مانگی جارێک کۆدەبێتەوە. کۆمیتەی ناوەندیی حزبیش کە ژمارەی ئەندامانی 376 کەسە ساڵی جارێک یان زیاتر کۆبونەوەی فراوان دەکات بۆ بەدواداچوونی کاری دەزگا پەیوەندیدارەکان یان بڕیاردانی پێویست بەپێی پەرەسەندنو پێشهاتەکان.

هەرچی سیاسەتی نەکنیکی ڕۆژانەشە چ ئەوانەی پەیوەستن بەدۆخی ناوخۆ یان پەرەسەندنەکانی سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیو پەیوەندییە دەرەکییەکانی چین، ئەوە سپێردراوە بەو لایەنە جێبەجێکارانەی کە پەیوەندیدارن بەو بوارانە.

ڕۆڵی سەرۆک

بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەری دەوڵەت هەنگاوێکی پێویستی ئەو هێزە گەورانەیە کە خواستی نفوزێکی گەورەیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە، کەچی دەسەڵاتی سەرۆکی چین بەبەراورد لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە گەورەکانی وەک ئەمریکاو فەرەنساو ڕوسیاو بەریتانیا زۆر کەمترە.

دەبێت لێرەدا سەرۆکی وڵاتێ لەچین هەست بە سنووراریی دەسەڵاتەکانی بکات، هەربۆیە هۆ جین تاو سەرۆکی پێشوو لەساڵی 2004 ئوانیی مادەی 81ی دەستوور هەمواربکاتو ئەمەی بۆ زیادبکات «سەرۆک کۆمار کاروباری وڵات بەڕێوەدەبات» لەگەڵ دەقە کۆنەکەی کە دەڵێت «سەرۆک کۆمار پێشوازی لەمیوانانی وڵات دەکات». ئەم هەمواركردنە بەرووی نیشانی دەدات کە سەرۆک هەستی بەسنووورداریو کۆنوبەندی دەسەڵاتەکانی کردووە، لەکاتێکدا سەرۆکی پێش خۆی جیانگ زیمین جڵەوی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ناوەندی سەربازی لەدەستدا و لەو ڕێگەیەوە دەستی خستووەتە نێو دەسەڵاتەکانی سەرۆک لەڕێی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەوە. هەروەها ئەمە نیشانی دەدات سەرۆکی ئێستا (شی جینگ بینگ) هەمان هەڵەی سەرۆک (هۆ جین تاو)ی دووبارە نەکردووەتەوەو سوور بووە لەسەر وەرگرتنی هەرسێ پۆستە سەرەکییەکە لەیەککاتدا (سەرۆکایەتی کۆمار، حزب، کۆمیتەی سەربازی» کە ڕێگە بە (هو جین تاو) نەدرابوو ئەم پۆستانە پێکەوە وەربگرێت.

جیانگ زیمین سەرۆکی پێشووتر وەک هۆ جین تاوی جێگرەوەی هەوڵیدا مەودای نفوزی خۆی لەبڕیاردانداد فراوان بکات لەڕێی پێشنیاری پێکهێنانی

«ئەوە حزبە ڕێبەرایەتی سوپا دەکات، ناکرێت سوپا ڕێبەرایەتی حزب بکات»

ماوتسی تونگ

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کە خۆی سەرۆکایەتی بکات، بەڵام هەوڵەکانی هەردووکیان شکستی هێنا، هۆکارەکەش ئەوەبوو کە ناوەندەکانی هێز لەوە دەترسان هەموو بڕیارەکان بکەوێنە چنگی ئاکە کەسێکەوە

.

هێزی نوێی کاریگەر لەبڕیاردانا

ئەو لایەنانە کە پێشهاتو پەرەسەندنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان سەپاندوونی، دیارترینیان:

گرووپە بچوککراوەکانی کاری سەرکردایەتی

ئەمە جێی ئەنجومەنی ئاسایشی نەئەوەیی گرتووەتەوە پێی دەوترێت کۆمیتە بچوککراوەکانی کاری سەرکردایەتی کە ئەندامانو سەرۆکایەتیکردنی بەپێی ئەرکەکان دەگۆڕێت، ڕۆڵێکی گرنگیش دەگێڕێت لە گەڵاڵەکردنو دروستکردنی بڕیاردا، لەو کۆمیتانەش:

- گروپی سەرکردایەتی بچوککراوە بۆ کاروباری دەرەوە: پێشتر سەرۆکی وڵات سەرۆکایەتی دەکرد، دوابر ڕۆڵی پاشەکشەی کردو بووە لاوەکی، سەرۆکایەتیکردنی سپێردرا بە سەرۆک وەزیران.
- گرووپی سەرکردایەتی بچوککراوە بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی: بەهۆی شکستی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، دامەزراندنی بووە پێویست. ئەنگژەی موشەکەکان لەگەڵ ئایوان ساڵی 1996و بۆردومانکردنی باڵیۆزخانەی چین لە بەلگراد ساڵی 199، هۆکارەکانی ئری دامەزراندنی بوون. ناوی ئەندامانی ئەم گرووپە ئاشکرا ناکرێن.
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بچوککراوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەنگژە کتوپڕەکان: پێکهێنانی بەپێویست زانرا دوای پێکادانی هەردوو فڕۆکەکەی چینو ئەمریکا لەدەریای باشووری چین لەساڵی 2001دا.

جگە لەوانە، گرووپێکی سەرکردایەتی بچوککراوە هەیە بۆ کاروباری ئایوان، لەگەڵ چەندان گرووپو ئەنجومەنی ئر کە بارودۆخی بابەتیو پەرەسەندنەکان سەپاندوونی وەک سەرکردایەتی بچووککراوە بۆ دارایی و ئابووری، وزە، ژینگەو گۆڕانکارییەکانی کەشو هەوا، ئەنجومەنی نیشتمانی باڵا بۆ پەرەپێدانو چاکسازی و....ناد.

ڕۆڵی ئەم گرووپانە بڕیاردان نیە بەڵکو بەشداریکردنە لەبڕیاردانا، هەروەها بەڕێوەبردنی ئەنگژەکانی پێ دەسپێردرێت.

ڕۆڵی وەزارەتەکانو ئاسایشو بەرگری

چینیش وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆمەڵێک پێشهاتو پەرەسەندنی خێرای بەخۆوەبینیو لەگەڵیدا ڕۆڵی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەڵکشا، دۆسیەکانی وەک جیهانگیریو ژینگەو چەکداماڵین دەرکەوتن، چین چووە نێو پرۆسەی بڕیاردانەوە، بەو هۆیەشەوە ڕۆڵی چەند لایەنێکی ئەو وڵاتە زیادیکرد وەک وەزارەتی بازرگانی کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەتر لەوەزارەتی دەرەوەی گێڕا لەپرۆسەی بڕیاردانا،

بەنایبەڵ ساڵی 1993 کە سیاسەتی دەرەوەی چین لە زۆر باردا بووە ئابووریيەکی پەتی، وەزارەتی بازرگانیش ئەرکی دانوستانی گرنە ئەستۆ لەرێکخراوی بازرگانیی جیهانی، هەر ئەو وەزارەتەش نەخشەی سیاسی چین دەکێشێڵ بەرامبەر ئەو ناوچانەی کە پەکین بایەخیان پێدەداڵ لەبوارەکانی کۆمەکی مرۆیی و وەبەرهێنان وەک ئەفریقا.

وەزارەتی نر هەیە کە بووەتە یەکێک لەیاریکەرەکانی نێو گۆڕەپانی بڕیاردان وەک وەزارەتی ئاسایش کە لەدوای لەئەستۆگرتنی ئامادەکارییەکانی میواندارێکردنی ئۆڵۆمپیادی پەکین لە 2008وە رۆڵی دوو هێندە زیادی کردووە. هەروەها رۆڵی وەزارەتەکە زیاتر زەق بووەوە کاتێک تۆندوتیژییەکانی هەردوو هەرێمی تبت و شینگیانگ (تورکستانی خۆرهەڵاڵ) رووياندا، دوای ئەویش سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و مەترسییەکانی سەرکردایەتی چین لەگواستنەوەی پەناکە شەقامو گۆڕەپانی شارەکانی چین.

هەموو ئەو رووداوانە بوونە هۆی ئەوەی حکومەتو حزب پشت بەرۆڵی هێزەکانی ئاسایش ببەستن لەپاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا، لەبەرئەوە دەزگاکانی ئەم وەزارەتە گەورە بوونو نفوزیان بەجۆرێک زیادیکرد کە بودجەی وەزارەتی چەند قاتی سوپا بێت. هەربۆیە ئاساییە ئێستا وەزارەتی ئاسایش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانیدا کاربکات بۆ چوونە نێو بازنەی ئەسکی بڕیاردان.

ئەمەش رێگر نیە لەوەی ئائێستاش سوپا خاوەنی رێژەیەکی باشی نوێنەرایەتی بێت لەدەستەکانی سەرکردایەتی حزبو دەوڵەتدا، ئەوەش گوزارشتە لەرادەی ئەو نفوزەی کە هێشتا هەیەتی، ئەوەتا رێژەی نوێنەرایەتی سوپا لەکۆمیتەی ناوەندی حزبدا نزیکەی 20%و لە ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) یشدا 10%ی هەیە.

هەروەها سوپا لەئاستی دەرەوەش پێگەیەکی بەهێزی هەیە، سەرکەوتوو بووە لەدروستکردنی ئۆڕێکی پەیوەندیی دەرەکی بەرفراوان لەگەڵ سوپای وڵاتانی تر چ لەڕێی فرۆشتنی چەکو سەودانامەی چەکەوە یان لەڕێی چوونە ناوەوەی خێرای چین بۆ هێزی ئاشتپارێزی نێودەوڵەتی، هەروەها لەڕێی بەشداریکردنی لەمانۆرە سەربازییە هاوبەشەکان کە لەگەڵ سوپای وڵاتانی تر ئەنجامیان دەدات.

سەرەنجام

چین لەسەر ئاستی ناوخۆ گۆڕانکاریی قووڵ بەخۆوە دەبینێتو ئادێت نفوزو بەرژەوەندییەکانی کیشوەرەکانیش ئێدەپەڕێنێت لەجیهانێکدا کە پڕبووە لەگۆڕانکاریی خێراو چەندان پرسی نوێ هاتونەتە پێش کە پێشتر لەنێو بازنەی بایەخپێدانی بڕیاردەرانی چیندا نەبوون وەک ژینگەو گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواو ئاسایشو وزەو پڕچەککردنو ئاشتپارێزی و...تاد.

چین بەوپێیەی وڵاتێکی مەزنو هێزێکی هەڵکشاوە پێویستی بەبڕیاردانو ئەکتیڤکردنی رۆڵێتی لەم پرسانەدا، هەروەک پێویستی بەدەزگای گەورەتر نێگەیشتنی فراوانتر بۆ پەرەسەندنە سیاسیو ئابووریيەکان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی. ئەمەش وایکرد چوارچێوەی دەزگاو رێکخراوە پەیوەندیدارەکانی بڕیاردان فراوانتر بکاتە. هەموو ئەمانەش بوونە مایەی پەرەسەندنی پرۆسەی بڕیاردانو دووركەوتنەوەی هێواشی لەناوەندێتی رەها، هاوکاتە نزیکبوونەوەی هێواشو لەسەرخۆ لەفۆرمێکی زیاتر دامەزراوەیی، بەڵام هێشتا روون نیەو شایانی گۆڕانە، چونکە شەنو کەوو ئەنەڵەکردنی ماوە بەوپێیەی پرۆسەی گۆڕانکاری لە چین ئائێستا هەموو بەشەکانی ئەواونەکردووە.

سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پرۆسەی بڕیاردان هاتوون لە چینو لەچنگی ئاکەکەسەوە چوونەتە دەستی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵو یاریکەری تازە هاتوونەتە نێو پرۆسەکەوە، کەچی هێشتا گیرۆدەی زۆر ئاستەنگو هەڕەشەیە لەئەنجامی نەبوونی شەفافیەتو چاودێری پەرلەمانی نەبوونی میدیای ئازادو ئەشەنەسەندنی گەندەڵیو مەحسوبیەتو رووپامایيەوە، هەروەک رۆڵی حزبیش ئائێستا ئاڵۆزکاوەو بگرە هەژموونی بەسەر رۆڵی دەوڵەتەوە هەیە.

هەروەها دڕیەکی لەنێوان بازنە جیاجیاکان لەئەنجامی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانو نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان لەدیارترین ئاستەنگو هەڕەشەکانە کە رووبەڕووی پرۆسەی پرۆسەی بڕیاردەرکردن دەبێتەوە لەچین. هەرچەندە سەرکردایەتی هەستی بەم کەلێنە کردووەو هەوڵ پڕکردنەوەی داوە لەڕێی سپاردنی ئەرکی دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان هەموو لایەنەکان بە راوێژکاری ئەنجومەنی دەوڵەت (دای بینگ گو)، بەڵام ئەوەش ئەنها چەند پرسێکی دیاریکراوی گرتووەتەوەو ئائێستا نەبووەتە میکانیزمێکی ئەواو. دیارترین دڕیەکییەکان ئەوەیە کە لەنێوان سیاستەمەدارو بازرگان، یان ژەنەراڵو سیاستەمەدار یاخود بازرگانو ژنەراڵەکاندا هەیە.

ئەزموونی چینی لەپرۆسەی بڕیاردەرکردندا بەوە جیادەکرێتەوە کە وەڵامدەرەوەی ئەو پەرەسەندنە بابەتیانەیە کە پێشهاتە نوێیەکان سەپاندوویانە نەک ئەنجامی پلانێکی زانستی مەدروس. بەڵام سەرەڕای ئەوەش چین (کە لەسەر جوڵەی هێواش راهاتووە) پاڵێوراوە بۆ ئەوەی لەئایندەدا گەڵاڵەی میکانیزمێکی گونجاو بکات کە بێگومان لاسایيکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی تر ناکاتەوە، بەڵکو چەند ئەزموونێک ئاوێتەی یەکتر دەکات لەسەر شێوازی خۆی «چیناندن»ی بۆ دەکات وەک هەمیشە. خۆ ئەگەر کارەکان بەپێچەوانەوە بوون ئەوە پێشبینیەکەی فۆکۆیاما دێتەدی، ئێۆریستی بیرۆکەی «کۆتایی مێژوو» پێشبینی روخانی سیستمی سیاسی چینی کردووە بەهۆی لەدەستدانی کەناڵەکانی پەیوەندی لەنێوان لونکەی هەرەمە سیاسییەکەی و بنکە جەماوەرییەکەی لەئاکامی نەبوونی میکانیزمی لێپرسینەوەو شەفافیەتدا.

سەرچاوە:

سەنتەری جەزیرە بۆ لێکۆڵینەوە